# قۆزی زبڵدان

**سەردار عەزیز**

دوو ساڵ لەمەوپێش کە گەرامەوە بۆ کوردوستان ، دوو کچی سلێمانی هاورێم پاش بینینم، پێکەنینیان بە جلە سادە و ووتوو نەکراوەکانم ئەهات. پاش یەکەم نانخواردنی نیوەرۆ، لە چێشتخانەیەکی سەیر، بە ناوی مەتبەخەوە، لە رۆژێکی هێجگار گەرما، پێیان ووتم دەبێ برۆین بۆ بازاری جل فرۆشتن. "ئەم جلە کۆنانەت لە کوێ دۆزیوەتەوە، خاریجی چی، ئەڵێی لە لەنگە هاتویتە دەرەوە". کار گەشتە رادەیەک هەستم بە شەرم ئەکرد ئیتر ناچاربووم رازیبم و لەگەڵیانا بڕۆم بۆ جلکرین. ئەوەی مایەی سەیر و سەمەرە بوو لە ماڵەوەش یەک بەیەکی ئەندامانی خێزانەکەمان پێکەنینیان بە جلە شل و شێواو خاوخلیچکەکانم ئەهات. بە جۆرێک بۆ دایکم لەبەرکردنی ئەو جلانە کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر رێز و حورمەتی خەلک بۆم. دایکم دەیووت " رۆڵە خەڵک بە پیاو و کوری پیاوت ئەزانێ، تۆش ئەبێ تۆزێ جلی رێکوپێک بپۆشی". بیرم ئەکردەوە، پیاوبوون چەندێ گرنگەو چەند بە سوک و ئاسانی دەبیتە بلّقی سەر ئاو. من ساڵانێک بوو لەوێ برابووم، بۆیە هەرچیەک ئەوانی دڵخۆش بکردایە من هەوڵم ئەدا بەبێ پێشاندانی هیچ نارەزاییەک بیکەم.

هەفتەی پێشوو من و جۆن ئۆسۆلیڤان و تم مەکارثی بریارماندا برۆین بۆ خواردنی نانی ئێوارە پێکەوە لە چێشتخانەی لویجی مەلۆنی، بەهۆی سەفەری جۆنەوە بۆ ئەمریکا و پاشان بۆ لەندەن بۆ خوێندنی ماستەرێک لە بواری کارگێریدا لە زانکۆی لەندەن سکول ئۆف ئیکۆنۆمیکس، قوتابخانەی لەندەن بۆ ئابووری. جۆن هاوسەرەکەی لە کالیفۆرنیا وەک راوێژکارێک کارئەکات، بەڵام بەرەچەڵەک لە کەمینەیەکی بەرەگەز چینین لە ووڵاتی فلیپین. جۆن چەند هەفتەیەک لەمەوپێش بەسەفەر لەگەڵ ئەودا رۆشتبوو بۆ مانیلای پایەتەختی فلیپین بۆ بەسەربردن چەند هەفتەیەک لەگەڵ ماڵی خەزورانیدا. جۆن باسی ووڵاتی فلیپینی کرد. ووتی: ووڵاتێکە گەندەڵی سەرتاپا دەزگا و پەیوەندی و هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای تەنیوە. تم لە جۆنی پرسی ئەوە یەکەم جاربوو سەفەربکەی بۆ ووڵاتێکی جیهانی سێ. جۆن لە وەڵامدا ووتی بەڵێ. تم ووتی یەکەم ووڵاتی من شاری کەراتشی بوو لە پاکستان. جۆن لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو، ئەوەی لە هەموو زیاتر بووە مایەی سەرنج بۆم ئەوەبوو، کە هەموو کەس جلەکانی بەو پەری جدیەوە ئوتوکرابوو پێڵاوەکانیان بۆیاخکرابوو کەچی هەر زبڵیکی هەبوایە بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک یان گوێ پێدان فرێی ئەدایە سەر جادە و شۆستەکان. کە جۆن باسی فلیپینی ئەکرد من سلێمانیم ئەکەوتەوە یاد.

سلێمانی بە ناهەق بەشێکە لە ووڵاتێک کە پێی دەلێن عێراق، هەرچەندە رەنگە من هەڵە بم، چونکە خۆبادان و هەڵکردنی ئاڵاکەی بەحس (هەولێری واتەنی) سەلماندی کە کوردوستان لە بری سەربەخۆیی پێی خۆشە، الشمال الحبیبەبێت. عێراقیش وەک فلیپین چەندین سەدە لەلایەن کۆڵۆنیالی جیاوازەوە ووڵاتێکی داگیرکراو و زەمەنێکی زۆر دیکتاتۆر بووە. لە فلیپین کەمینەی چینیەکان زۆربەی زۆری سەروەت و سامانی ووڵاتیان لە ژێردەستایە، لە عێراقیشدا داهات بۆ کەمینەی عەرەبە سوننەکان بووە هەمیشە. لە فلیپین وەک عێراق دەوڵەت هیچ روویەکی جوانی نیە. دەزگایەکە داپلۆسێنەر، درۆزن، بێ دڵ، بێ بەزەیی، سیخناخ لە گەندەڵیا. ئایا ئەم هاوبەشیانە وەها ئەکات کە کەسێک لە مانیلا و کەسێک لە هەولێر، جۆرێک لە کەسایەتی هاوبەشیان هەبێت و بەتایبەت وەک یەک مامەڵە بکەن لەگەڵ شوێنە گشتیەکانا.

ئەم دیاریدەیە، کە بریتیە لە گرنگی دان بە خود، تەنها لە رووکەشەوە و گوێ پێنەدان بە دەورووبەر دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە تێگەشتنی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە، لە بواری ژینگە، کەسایەتی، پۆلەتیک، مێژوو، تێروانینی کەس بۆ شوێنی تایبەت و شوێنی گشتی.

ئەم ووتارە ناتوانێ لە هەموو ئەم رەهەندە جیاوازانە بکۆڵێتەوە، چونکە تێگەشتنێکی قوڵ بۆئەم دیاریدەیە پێویستی بە کاری مەیدانی هەیە. ئەوە رەنگە کارێک بێت بۆ خوێندکار یان قوتابیەکی بەشی کۆمەڵایەتی یەکێک لە زانکۆکانی کوردوستان. ئەوەی لێرەدا من ئەیکەم تەنها وورووژاندنە بۆ مەبەستی زیاتر بیرلێکردنەوە. ( هەرچەندە لەم دوایانەدا خوێنەرێکی ئازیز رەخنەی ئەوەی لیگرتم کە گوایە تیز ئەناسێنم و لێی قوڵ نابمەوە).

مرۆڤی کورد، لە درێژایی مێژویدا لە سیستەمێکا ژیاوە کە هەرگیز دەرفەتی ئەوەی پێنەدراوە خۆی بێت. ئەم گشتگیریە لە هەمانکاتدا هاوئاهەنگ بووە بە فیکری موتڵەق. لە سایەی سیستەمی گشتگیری و فیکری موتڵەقدا، فیکرەکانی تاک، بیرە

جوانکیلەکان، خەمە وردیلەکان، جێگایان نابێتەوە. لە دونیایەکی وەهادا تاک هەمیشە عەودالی ئەوەیە چۆن ئەوانی تر لیی رازیبن. لە دەرئەنجامدا هەموو هەوڵێک بۆئەوەیە چۆن خود بشاردرێتەوە. چونکە دەرکەوتنی خود دەبێتە هۆی حەیاچون. دەبێ جەستەیەکی خۆشی نەدیوو هەمیشە بە جلی ئوتوکراوی وەک سەرباز پۆشرابێت. دەبێ لاشەی هەژارێک بە هیچ جۆرێ دەرنەکەوێ. دەبێ میکیاژ هەموو جێگایەکی دیار سپی کاتەوە. مرۆڤ لە کۆمەڵگای وەهادا هەمیشە لە پرۆسەیەکی نکۆلیکردندایە لە خود. بۆیە هەرگیز دەرەوەی خۆی بە گرنگ نازانێ، چونکە ئەو خاوەنی خۆی نیە، تا هەست بە گرنگی دەرەوەی خۆی بکات.

دیارە گومان لەوەنیە کە دەرەوە ئەبینرێت، هەستی پێئەکرێت، بەڵام سەرباری ئەمانە، جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان بینراو و ئاگالێبوودا، بینرا و بیرلێکراوە . چونکە بەرای من لە ئاوەزی گشتی کوردیا دەرەوە چ وەک چەمکێک و چ وەک ناوەندێکی بە تەواوی بیرلێنەکراوەیە. لێرەدا ئێمە لەنێوان دوو جۆری جیاواز لەدەرەوە یان دەوروبەردایn. یەکەمیان ژینگەیە دوومیان شوێنی گشتی.

هەردوو چەمکی شوێنی گشتی و ژینگەش تا سەر ئێسقان پۆلەتیکن بەڵام هەریەکە و بە جۆرێکی جودا. ئاگابوونەوە لە ژینگە، ئاگابوونەوەیەکی نوێیە، وە ئەمرۆ یەکێکە لە هەرە کێشە سیاسیەکانی گڵۆبال و جدیەکانی دونیا. هەرچەندە رەگەزپەرستیەکی گەورە هەیە، لە پرۆسەی ژینگە پارێزیدا. ژینگە کاتێک بووبە بابەتێکی نێودەوڵەتی و سیاسی کە وولاتانی گەورەی هەژاری جیهانی سێ هاتنە نێو بازارەوە و دەستاینکردن بەگەشە بە تایبەت چین و هیند. ئەمرۆ خیتابی ژینگە بەکاردێت بۆ وەستانی گەشەی ئەو وولاتانە، بەڵام رۆژئاوا ئەوە زیاتر لە دوو سەدەیە دونیا پیس ئەکات هێشتا زۆر لەوولاتانی گەورەی پیشەسازی نایەنەوێ دان بەو کێشەدا بنێن، بۆ نموونە ئەمریکا کە تا ئێستا رازی نیە پەیماننامەی کیوتۆ دەربارەی ژینگە پاریزی ئیمزاکات. بۆیە ئەگەر ئاگایی ژینگە لای مرۆڤ کورد ئاگاییەکی زۆر لاوازبێت مایەی سەرسورمان نیە.

بەڵام ئەوەی سەیرە ئەو بیرلێنەکردنەوەیەیە کە مرۆڤی کورد هەیەتی دەربارەی هەڵسوکەوتەکانی، دەربارەی چالاکیەکانی، دەربارەی تەندروستی، دەربارەی جۆری ژیانی. دەربارە جوانیە سادەکان، دەربارەی هونەر. زۆر بە سادە فرێدانی پارچە کاغەزێک لە سەر جادە، یانی توکانی گوڵەبەرۆژە، یان فرێدانی ئاغزە جگەرە، یان کێشانی جگەرە لە پاسا. ئەمانە هەموو کاری رۆژانەن کە بەبێ تۆزقالێک بیرکردنەوە لە کاریگەری ودەرئەنجامەکانی ئەنجام ئەدرێن. کەسێ نیە وەکو گۆرانی شاعیر دڵی بۆ تالێ وەنەوشە لە بن ماڵێ توترکا پەرۆش بێت. ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە باس لە دەردو ئازار و خەبات و روباری خوێن ئەکەین، لە پێناوی وولاتێکا کە وەک زبڵدانێکی گەورە تەماشای ئەکەین و مامەڵەی لە گەڵا ئەکەین.

لەلایەکی ترەوە، رەنگە کەسێک بڵێت گرنگی دان بەجلوبەرگەکانی خود نیشانەی گرنگیدانە بە جوانی، بە ئەتەکێت، تا ئاستێک کە ئەم مرۆڤە توانای هەیە. رەنگە راستیەک هەبێت لەم ئارگومێنتەدا بەڵام من جلی خەڵکی ئەوێ بە جوان نازانم. جلی فەرمی جلی جوان نین. جلی سەربازی جلی جوان نین. جلێک کە بەتاڵ بێت لە هەموو هونەرێک، بەتاڵ بێت لە هەموو شێوازێکی دەربرینی تاک، جوان نیە. جل پۆشین کارێکە پەیوەندی بە ئایدەلۆژیا و کەلتور و ژینگە و تێگەیشتنی کەسەکەوە هەیە. بەڵام کاتێک هەموو خەڵکی وەکو یەک جل ئەپۆشن، هەوڵ ئەدەن وەکو یەک بن ئەوا نیشانەی ئەوەیە بەتاڵە لە هەموو ئەو رەهەندانە.

بابێینە سەر شوێنی گشتی. بەگشتی ئەم پانتاییە کە گرنگیەکی هێجگار گەورەی هەیە لە گەشەکردنی پۆلەتیک و بەتایبەت کۆمەڵگای مەدەنی، وەک زۆربەی شتەکانی تر لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیایەتی. شوێنی گشتی بەتایبەت لای کەسێکی وەک هابرماز ئەو ناوەندەیە کە مۆدێرنە تیا گەشەی کرد. کە مرۆڤ تیا کەوتە زمان. کە فێربوو راو بۆچونی هەبێت، بیرکاتەوە، گوێ لەئەوی تر بگرێت، رێکخرا و کۆمەڵەی تایبەت دروستکات. شوێنی گشتی وەک لە ناوەکەیا دیارە شوێنێکە کە موڵکی تەسێکی تایبەت نیە، کەواتە لە ژێر مەرجی تایبەتی هیچ کەسێکدا نیە. ئەمە دۆخێک ئەخولقێنێ کە هەموو کەسێک بە ئازادی بیربکاتەوە و بەبێ دوودڵی بیروبۆچونی خۆی دەربرێ. شوێنی گشتی وەک چاخانە، پارک، شۆستە، کافێ.

شوێنی گشتی لە کوردوستان رەنگ ئامادەیی هەبێت بەڵام بوونی نیە. چونکە بوون بە مانا هایدگەریەکەی تەنها لە شێوازی تایبەتی کارکردنیایەتی. شوێنی تایبەت نیە بۆئەوەی کەسەکان بێن و بیر لە دونیایەکی باشتر بکەنەوە. دونیایەکی جوانتر، راوبۆچون بگۆرنەوە. دیارە شێوازی تر لە شوێنی گشتی زۆرە وەک رۆژنامە، سایتی ئینتەرنێت، میدیا بەگشتی.

مرۆڤی کورد لە ساتوەختێکایە پێویستی بە پچرانە. پچرانێک لە گەڵ هەموو شتێک کە تا ئێستا براوی پێ بوە، پێی هەستاوە، بیرلێکردوەتەوە، خۆی لە پێناویا لە کوشت داوە، پچران لە زەوق لە نان خواردن، (قەڵەوی و قەڵەو بوون، یەکێکە لە کێشە

جدیەکانی کۆمەڵگای کورد کە چەندین هۆکار و ڕەهەندی تەندروستی و کۆمەلایەتی و هونەری هەیە، کە بەتەواوی بیرلێنەکراوەیە). ئەگەر کوردوستان دەیەوێ ببێتە سەرزەمێنێ ئازاد، ئەوا مرۆڤەکان دەبێ فێربن چۆن ئازادبن. یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئازادی یانی ئەوەی مرۆڤ هەستبکات کە ئەو جێگایەی ئەو شوێنەی ئەو پارک و شوستەو شەقام و شار و گەرەک و وولاتەی کە تیا ئەژی بەشێکە لە ئەو ، جێگایەکە کە ئەو ئەرکیەتی ئاگاداریبێت. بایەخی پێبدات، چونکە ئەگەر ئازادی نەبێتە هۆی هێنانەدی ژیانێکی باش ئەوا بوونێکی بێمانایە.

کوردوستان لە داهاتودا ئەگەرێکی گەورەی هەیە ببێتە سەر زەمینێک بۆ گەشت و گوزار. بۆ ئەمە مرۆڤی کورد دەبێ گرنگی بە تەندروستی و پاکی بدات. دەبێ لایەنە هونەریەکانی خۆی گەشە پێبدات. دەبێ پیاسەکردنێک بە شۆستەیەکدا ئەو هەستت لا بخولقێنێ کە ژیان شەرەشەق نیە بەڵکو کاریکی هونەریە. لەم ڕوانگەیەوە حکومەت کاری زۆرە ئەنجامی دات، وەک وەزارتەکانی تەندروستی، ژینگە، گەشتوگوزار. وەزارتی گەشتوگوزار لە کوردوستاندا لە ئەرکی سیاسی خۆی بێئاگایە. ئەم وەزارتە بۆ نموونە دەتوانێ لە گەڵ کۆمپانیای لۆنلی پلانێت، کە ناسراوترین کۆمپانیای ڕێبەری گەشتوگوزارە لە دونیادا کتێبێک دەربارەی کوردوستان بنوسن، کە لە هەمانکاتدا ناساندنی کوردوستانە وەک سەرزەمینێ تینو بۆ ژیان نەک ژان.